# پەخشانەکان



وێنەی (پرسە و سەرخۆشی) کاک (سدیق سولتانی) لە ستۆکهۆڵم

**Sai Saqzi Qayshi** سەعی سەقزی قایشی

qayshi@yahoo.com





## سەمای سەوز

لەگەڵ گەڵاڕێزانی پایزەبەیانێکدا تاک، تاک مەلی رەنگین چاوی ناز و خوشەویستییان لە خەو هەڵهیناو وردە، وردە بەرەو لانەی زانست وەڕێ کەوتن. لە خانەی زانستدا تێکەڵاوی پۆلە مەلانی دیکە بوون و پۆل، پۆل چوونە پۆلی وانەوە.

پاش ئەوەی مێشک و دڵ و دەروونیان بەوانەی تازە، تازە کردەوە، بیریان لەوە کردەوە ئەو چەند رۆژەی کە لە یەک دوورن چۆناوچۆن دێوەزمەی خەم لە خۆیان بتارێنن، رایان هاتە سەر ئەوە شەوێ لە هۆڵێکدا کۆبنەوە و بەهەوای دانس و سەما و هەڵپەڕین لەسەر سنگی مۆتەکەی خەم شادی بگێڕن.

لەگەڵ تاریک بوونی هەوا، لەژێر تیشکی گوڵۆپی جادە و کۆڵانەکانی (هامارکولای-یۆتۆبۆری)دا روویان کردە ژوانگەی ئەوڤین، لە دوورگەی (**هێسنگین**). لەگەڵ بەرز بوونەوەی ئاهەنگی موزیگ کچان و گوڕانی لاو کەوتنەخۆ، پاشان دەستێ کەوتە کەمەر و دەستێ کەوتە گەردن و دوو، دوو کەوتنە هەڵمژینی بۆنی خۆشەویستی.

هێشتا چاوانی گەشی ئەو مەلانە تامەزرۆیان لەیەک نەشکا بوو، هێشتا هەناسە گەرمەکان تێکەڵاوی یەک نەببوون، مۆتەکەی نگریسی خەم، مۆتەکەی بۆغز و گین، مۆتەکەی قار و قین بەشێوەی هەمیشەیی بێزار لە <u>شادی</u> ناوچاوی گرژ بوو، ژینی لێتار بوو، جهانی پێ تەنگ بوو، پاشان دەستی ناپاکی خستە گەر و چاوگەی شادی کرد بە کانی شین، هۆڵی رەنگینی کرد بە تاریکستان و لە چاوتروکانێکدا ٦٣ مەلی رەنگینی کرد بە قەقنەس و پەڕوباڵی زۆریشی هەڵپروزاند و بە غەڕڕاییەوە نەڕانی: **سەردەم سەردەمی منەو بەس!**

لەناکاو فریشتەی ئەڤین دای لە قاقای پێکەنین و گوتی:

وەرە، وەرە، بڕوانە لە ئەنگوسیلەی ئەو دڵدارانە کە لە پەنجەی ناسکی دڵبەراندا بووە بە نیگار، وەرە سەیری گوارەی دڵبەران کە چلۆن بووە بە نگینی دڵی دڵدار، پاشان لەسەرخۆ کوتی:
**تۆ ڕەنجەڕۆی، تۆ بەئاکام ناگەی، ئەبێ بزانی کە جهان جهانی ئەوڤینەو بەس، نەک مەکۆی ناپاک و ناکەس!**

با ئێمەیش بڵێین ئەم کارساتە ئەگەر دەستی سروشت بوو، دەستی لە بنا هەڵوەرێ! ئەگەر دەستی ناپاکی و دژی مرۆڤایەتیش بێ، خاوەنی ئەو دەستە هەردەم لەگەڵ خۆی لە جەنگدا ئەبێ تا ئەگاتە شەرمەزای.

**بە بۆنەی سوتانی ٦٣ لاو لە دیسکۆتێکن لە شاری یۆتۆبۆری سوید**



**گەڕانەوەی قەقنەسەکان**

ئەمشەو، دەریاکانی دەوروبەری هیسنگێن وەک جاران گرمە و ناڵەیان نییە، ئارام و لەسەر خۆن، سنگی دەریا ئەڵێی ئاوێنەیەکی بێگەردی ڕاکشاوە.

ئەمشەو، ئاسمانی هیسنگێن کە جاران ڕاوگەی گەواڵە هەوری بێ پایان بوو، شۆرەیەکی قایمی لە ڕووبەڕووی هەورەکانا داڕشتووە و کردوویە بە سەماگەی ئەستێرەکان.

ئەمشەو، لەو سەرەوە، لەو دەشتە سامالەی ژوور سەرمانەوە هەر پۆلە ئەستێرەیە دێن و لە ڕووبەڕووی ئاوێنە باڵانماکەی دەریات هیسنگێندا پرچی خۆیان بە شانەی شنەبا شانە ئەکەن.

ئەمشەو، لە جەنگەڵستانی بەربڵاوی دەوری هیسنگێندا گەڵا وەریوەکان بە ئاهنگی دەنگی مەلان ڕەشبەڵک ئەگێڕن.

ڕاستی ئەمشەوە چ سەرسوڕهێنەرە، چ دڵڕفێنە دڵڕفێن!
تایبەتمەندی ئەمشەوە ئەبێ چیبێ کە سروشت خۆی خستووەتە سەر ساجیعەلی و دارونەداری خۆی کردووە بە تەدارکی، ئەبێ زەماوەندی کام دڵدار و دڵبەر لەم شەوە شەنگەدا بگێڕێت؟

بۆ زانیاری سەبارەت بە جوانییەکانی سروشت مەلی خەیاڵم فڕی و فڕی، گەڕا و گەڕا، هێن گەڕا باڵێ شل بوو، لە لێوارەکانی دەریای (هیسنگێن)دا نیشتەوە تا پشوویەک بدات و هەمدیسان باتەوە لە شەقەی باڵ بە دووی مەبەستەکەی خۆیدا.

لەو کاتەدا مەلی خەیاڵ گوێی لە سرتەسرتی کۆمەڵێ کیژ و کوڕی سرک و وریای دەریای هیسنگێن بوو کە لەگەڵ یەک ئەدەوان و ئەیانکوت: ئێستا ئەگەنە لامان، هەر ئێستا، هەر ٦٣یان پێکەوە دێنە ئێرە و ئەیانخەینە سەر پشتی خۆمان و ڕێ ئەکەوین بۆ کۆشکە بلورینەکەی ناو دەریای ئەڤین.

مەلی خەیاڵ چووە پێشەوە و بە ئارامی کوتی: شەوباش، ماسییە جوانەکان، شەوباش.

ماسییەکی خرپن کوتی: هەموو کاتێکت باش دۆستی خۆشەویست، هەموو کاتێکت باش.

ماسییە جوانەکان، پرسیارێکم هەیە و ئەبێ وەڵامم بەنەوە.

ئەمشەو، دوورگە و دەریا و ئاسمانی هیسنگێن وەک شەوانی پێشوو نین.

ئەمشەو، هەموو شتێک سەرمەستی شادییە، ئێوەیش خۆتان سەرتاپا پووڵەکەرێژ کردووە، بەجۆرێک خۆتان رازاندوەتەوە کە ئەبێ گوڵە کێوییەکانیش گەردی بەر پێتان پاکەنەوە!

ماسییەکی بچکۆلە کوتی:

هاتووین بۆ پێشوازی ٦٣ هاوڕێمان و ئەمانەوێ بیان بەین بۆ ماڵی خۆمان، بۆ ماڵی خۆمان و بەس.

مەلی خەیاڵ کوتی تێگەیشتم، بەڵام ئەم میوانانە کێن و چ کەسن کەوا ئەم هەموو تەدارکەیان بۆ ئامادە کراوە. ماسییەکی دیکە لە سەرخۆ وەڵامی دایەوە و کوتی:

ئێمە تۆ ناناسین، ئەتوانی خۆت بناسێنی و پێمان بڵێی کێیت و لە کام تیرەی ئەم جهانەی، تا ئێمەیش وەڵامت بینەوە.

مەلی خەیاڵ لە وەڵمدا کوتی:

من، لە تیرەی دێو و درنج نیم!

من، لە تیرەی جانەوەرە جەنگەڵییە خوێنڕێژەکانی وەک گورگ و شێر نیم کە ژێردەستەکانی خۆیان چلۆن لەتوپەت ئەکەن!



من، لە خێڵی باز و هەڵۆ نیم کە باڵندە بێدەسەڵاتەکان راو ئەکەن و ونجرونجریان ئەکەن!

من، لە تیرەی مار و دووپشک و جانەوەرە ژاراوییەکان نیم.

من، مرۆڤم مرۆڤ، ئەشرەفی مەخلوقات!

ئێمە خاوەنی هەستێکی ناسکین، خاوەنی ئەقڵ و هۆشین، خاوەنی تەکنیک و دانشین، مانگ و مریخمان دەستەمۆ کردووە، لە چاوتروکانێکدا ئەزانین چی لە ناخی دڵی ئەواندا ئەگوزەرێت.

ئێمە بەهێزی دانش و تەکنیک هیچمان لێون نابێت. ئێمە ئەمانەوێت لە ڕێگای تەکنیک و ئاسایشەوە نەک جهان بۆ خۆمان بەدەس بێنین، بەڵکو بۆ جانەوەرە کێوییەکان و ئێوەی دانیشتوی دەریایش بە پەرۆشین.

من لەو عەشیرەتەم، من مرۆڤم، مرۆڤ، ئەشرەفی مەخلوقات!

ماسییەکی دیکە کوتی: لێمان حاڵی بۆ، تێگەیشتین چیت و چ کەسیت و چەندە بەتوانان، چاوەڕوانبە تا هاوڕێکانمان ئەگەنە پێشەوە، ئەو کات دەزانی چاوەڕوانی کێین.

لە ناکاو فرتەفرت و باڵەفرەی پۆلە مەلێک و پێکەنین و تریقانەوەی ئەستێرەکانی رووبەڕووی ئاوێنەی دەریای هیسنگین گفتوگۆکەی ئەوانی تێکدا، لەو کاتەدا ٦٣ مەلی یەکرەنگ بە کۆمەڵ نیشتنەوە. مەل و ماسی ئامێزی یەک بوون و بە ئەشکی شادی گەردی دوورییان لە یەک تاران.

مەلی خەیاڵ خۆی بۆ نەگیرا و چووە پێشەوە و کوتی:

بەخێر بێن میوانانی ئازیز، بەخێر بێن!

مەلێکی باریکەلەی گەردن بەرز کوتی:

سپاس، سپاس بۆ ئەوەی کە هاتووی بە پیرمانەوە، سپاس و هەزار جار سپاس.

مەلی خەیاڵ لەم وەڵامە راچڵەکی و سەری داخست و پاشان بە شەرمەزاییەوە کوتی: ببورن، من بۆ پێشوازی نەهاتووم، بەڵکو بە رێکەوت بەم کاروانەی ئێوە گەیشتم.
مەلە باریکەلە کوتی: خەڵکی کوێت؟
ئازیزان، من خەڵکی ئەم دوورگەم، دوورگەی هیسنگێن، زۆر جوان و رەنگینە، پێمخۆشە برۆین ببینن تا بزانن چەندە دڵگیرە، دڵگیر.
مەلە باریکەلە کوتی:
بینیومانە، گەلێ شیرینە، گەلێ شیرین.
ئێمە ئەم پۆلە مەلە ماڵەکەمان لەوێ بوو، لە هامارکۆلا هاوڕێیانی باشمان بوو، دراوسێی باشمان بوو، گەلێ شاد و خۆشحاڵ بووین، گەلێ بەختەوەر بووین.
ساڵی پار هەر ئەم دەمانە، هەر لەم سات و کاتەدا هێلانەکەمان دووکەڵێکی رەشی چڵکن گەمارۆیدا.
ئێمە قەقنەسین،
ئێمە چۆپییەوانی ناو گڕو بڵێسەین،
بەڵام لە دووکەڵی بۆگەن بێزارین، ئەوە بوو دامان لە شەقەی باڵ و بۆی دەرباز بووین، ئێستا گەیشتووینەتە ئێرە، لای دۆستەکانمان، هەر ئێستا.
مەلی خەیاڵ کەوتەوە قسە و کوتی:
ئێستا ئەزانم ئێوە کێن، ئێوە مەلە چاو شینەکانی سویدن، مەلە دان سەدەفییەکانی سۆمالییان، ئێوە مەلە هەزار جار بریندار کراوەکانی کوردستانن، ئێوە مەلی یەکگرەنگی گشت جهانەن.
ماسییەکی چاو زیت هاتە پێشەوە و کوتی:
فەرمووتان، خەڵکی ئەم دوورگەم، دوورگەی هیسنگێن، ئەگەر دڵگران نەبن ئەمەوێت پرسیارێکتان ئاراستە بکەم!
مەڵی خەیاڵ بە رووخۆشییەوە کوتی: بفەرموون، تکایە بفەرموون با وەڵامتان بدەمەوە.



ماسییە زیتە کوتی:
ئەو دووکەڵەی کە هێلانەکەی ئەم دۆستانەی ئێمەی گەمارۆدا، چۆناوچۆن پەیدا بوو؟
مەلی خەیاڵ کوتی:
لەم وەدا ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوە بووین، بەڵام تا ئێستا هۆکاری ئەوەمان بۆ دەر نەکەوتووە و نازانین چۆناوچۆن روویداوە.

ماسییەکە هاتەوە قسە و کوتی:
ئێوە لە پێشدا فەرمووتان– ئێمە مرۆڤین، خاوەنی ئەقڵ و هۆشین، خاوەنی تەکنیک و دانشین و لە چاوترووکانێدا ئەتوانین بزانین چی لە دڵی مانگ و مریخ دا روو ئەدا، ئەی چۆنە بە ساڵێک ئەمتان بۆ روون نەبووەتەوە؟
مەلی خەیاڵ لە شەمەزاریدا چووە پێستی راستەقینەی خۆی و لە رقا لێوی کرۆشت.
ماسییەکانیش لەترسی قولاپی ماسیگران بارانی فرمێسکیان هەڵرشت.

٣٠ / ١٠/ ١٩٩٩

## له پەنای دایک دا

زۆر شتم خوێنەوە، زۆر واژەنامە گەڕام بەڵکو وشەیەک بدۆزمەوە که باڵاکەی به قەد باڵای دایک بێت، هیچ کام لەوانە وشەیەکی وەهای تێدا نەبوو که بگاتە ئەو پلە، به واژەنامەی دەرونا گەڕام، ئەو وشەیەم بەرچاو کەوت: (ژیان)

ژیان: کاتێک تیشک له چاوگی خۆی جوێ دەبێتەوە رەنگی سوور گەشە، پاشان بەرەبەرە رەنگی زەرد هەڵئەگەرێت و بەرەو نەمان ئەروات، بۆچ وای بەسەر دێت؟ بۆ ئەوەیە که له دامێنی دایکی خۆر دوور دەکەوێتەوە.

سێوێک، هەنارێک، هێشووە ترێیەک تا به دارەکەوەیە جوانە، بۆن خۆشە، رەنگی سوور و گەشە. هۆی ئەوە، ئەوەیە که باڵای له باڵای دایکی ئاڵاوە، هەر ئەونەی باسکی له گەردنی دایکی ترازا سیس ئەبێ و ئەپوکێتەوە، پاش چەن رۆژێ بۆ هەمیشە سەرئەنێتەوە.

ماسییەک تا له ئامێزی دایکی ئاو دایە، جا ئەوەکە جۆگەلەیەک بێ، یا دەریایەکی بێ پایان ماسییەک سرک و دڵشاد و وریایە. له گەڵ ئەوەی که له ئاو دوورت خستەوە چەن جار دەم بەیەکدا دەدا و پاشان بۆ هەمیشە چاوی به مۆلەق رائەوەستێ.





دایک نەک هەر ژیانە، بەڵکۆ ژیانیش ئەپارێزێ. هەموو بینوومانە مراویەک چەن بێچووی خۆی ئەداتە بەر و ئەیانباتە گوێ چۆمێک تا فێری سەمای سەر ئاویان بکات، کاتێک یەکێک له بێچووەکان له نێرینەی ئاوەکەدا گیر ئەکا و ناتوانێ خۆی دەرباز بکات له ترسانا ئەکەوێگە دڵەتەپێ، لەو کاتەدا دایکی فریای ئەکەوێت و ئەچێتە سەر پشتی دایکیەوە، ئینجا ئەکەوێتە گاڵتە کردن به ئاوەکە و ئەڵێت: تۆ بووی ئەدویست من نوقم کەی و بمخنکێنی، وەرە سەیری پاپۆڕی دەریا شکێنم کە، وەرە سەیریکە سەیر.

دایک تەنیا ژیان ناپارێزە، بەڵکو ژیانبەخشیشە.
ژیانی پەرەسێلکەیەک پاشترین ئاوێنەی باڵانمای ئەوەیە که دایک ژیانبەخشە. لەگەڵ ئەوەی هەوای بەهاری تەنگی به بەفری زستان هەڵچنی دوو پەرەسێلکەی بچکۆلە هەڵئەفرن، ئەرۆن باڵە ناسکەکانیان تەڕ ئەکەن و ئەگەڕێنەوە گۆشەی دیوارێکی پێ تەر ئەکەن، پاشان ئەڕۆن بەدەنووکە تیژ و باریکەکەیان قور و چیلکە دێنن و چین،چین لەسەر یەک دایانئەنین و خانوویەکی قایم که بایش بۆی نەڕووخێت، ساز ئەکەن. له کاتی تەواو بوونا به پووشوپڵاشی خاو دۆشکەیەکی نەرمونۆڵ دورست ئەکەن، پەرەسێلکەی مێینە هێلکەی لەسەر ئەکات و لەسەریان کڕ ئەکەوێ، بەگەرمای گیانبەخشی لەشی چەن دانە له جۆری خۆیان دورست ئەکات.
پاشان پەڕەسێکەکان ئەکەونە هاتووچوو بۆ پەیاکردنی خواردەمەنی بۆ بێچوەکانیان و خواردن ئەکەن بەدەمیانەوە تا گەرە بن. له کاتی کەچەڵە بووندا پەڕەوازەیان ئەکەن بۆ ژیان.
ئەوەکورتەیەک بوو له ئەرکی دایک له نێو پەلەوەرەکانی دەوروبەری خۆماندا. با روو کەینە جهانی مرۆڤ بۆ زانیاری سەبارەت به رەنجی بێ پایانی دایک له پەروەردەکردنی مناڵا.

دایک ماوەی نۆ مانگ و نۆ رۆژ مناڵ لە سکی خویدا پەروەردە ئەکات، خۆراکی مناڵ لەو دەورانەدا لە بەدەنی دایکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوەیش لە گوڕوتینی دایک کەم دەکاتەوە، لە ئاکامدا لاواز و بێ هیزی ئەبی و زۆرجاریش دووچاری نەخۆشی دەبیت. پاش ئەو نۆ مانگ و نۆ رۆژە مناڵ داوای ژیانێکی ئازاد و سەربەست دەکات. بۆ ئەنجامی ئەو ئارەزووە دایک دەبێ ژان و ئازارێکی زۆر بکێشت. پاشان مناڵ پێ ئەنێتە ژیانێکی تازەوە. لە هەندێ کاتدا برێ مناڵی تووش و چەتوون بە حەو مانگ دێنە دنیاوە، خودی خۆم یەکێک لەو مناڵانەم.

کاتێک مناڵ لە بەدەنی دایکی ترازە و جیابووەوە، رەنج و دەردیسری دایک لە بری ئەوەی کەم بێتەوە، زیاتر دەبێت. کاری دایک لەم دەورەدا شیردان بە مناڵ و شەونخوونی بەلای لانکەوە و ئاگاداریکردن لە مناڵ و ... .
لەم دەورانەدا نابێ رەنج و تێکۆشانی باوکیش فەرامۆش کرد.

***



### نەخۆشی فەرامۆشکاری، لە یادی ١٠ی خاکە لێوە- رۆژی لە سێدارەدانی سەروککۆماری کوردستان نەمر قازی محەممەد

هەموو ساڵێ لە کازیوەی دەی خاکەلێوەدا
شێخی پیران لە باکورەوە،
شێخی بەردە قارەمان لە پێدەشتی کەرکوکەوە،
سمکۆی چابوک لە «قەڵای چەریق» و قودسی و خۆشناو لە سەنگەری سەر پادگانی سەقزەوە تەرپۆش، روخۆش، پەڕی تاوس لە پێچی مێزەر و لاشانی کڵاو چەقاو، ئەسپی ئەمەل تاو ئەدەن. ئەسپی رەسەنی شۆڕش شەڵاڵی ئارەق، بەڵام بێ وچان ئەگاتە مەڵبەندی دیدار، لە دامێنی کێوی داشامەجی سەربەرزو هوشیار

هەموو ساڵێ لە چێشت ئەنگاوی دەی خاکەلێوەدا
کوڕ و کاڵ، کیژ و لاو، پیرو بەساڵاچووی کوردەواری ئەسپێکی گەردن بەرز، تیژرەو وەک بروسەکە، زین ئەکەن. زین لە دوو توێی دڵی کوردستان، نەرمەزین لە کاکۆڵی گەواڵە هەورێکی ناسک، هەوسار لە هەودای ئەوڤینی دڵداران، ئاوزەنگی لە مەچەکی بڕیاری خاوەن بڕیاران

هەموو ساڵێ لە بەرەبەیانی دەی خاکەلێوەدا
پۆلێ لاوی رەواندزی تۆپەکەی میری چاوتیژی رەواندز لە سەرشان ئەنێن و خۆ ئەکەن بە ناو ئاپۆڕەی گەلی کورد لە شاری مهاباد و چاوەڕوانی فەرمان ڕائەوەستن

هەموو ساڵێ لە گەڵ گزنگی دەی خاکەلێوەدا
پۆلێ مناڵی چاوگەشی وان و ورمێ، زرێبار و هەر دوو زێ، چەن چەپکەگوڵی سوور و سپی و سەوز ئەگرن بە دەستەوە و دێنە مەیدانی چوار چرا، لە شوێنەی ئالای لێ هەڵکرا

هەموو ساڵێ لەو ڕۆژەدا لەگەڵ تاو هاتە ناوەڕاستی ئاسمان قازی و سەرکردەکانی دیکە پێ لە ئاوزەنگی ئەنێن و ڕوو لە ژوانگەی ئەڤین ئەکەن لە مەیدانی چوارچرا. لە مەیدان ئەستێرە چاوگەشە گوڵ بەدەستەکان ئەڕۆن بە پێشوازی کەوکەبی خاوەن کەوکەبانەوە. ڕابەران ناو ماڵی زین بەجێ ئێڵن بۆ گوڵ و گوڵبەدەستەکان.

پاشان سەرۆککۆمار و ڕابەری میللەت قازی مەزن ئەو وتارە مێژوویەی دووی ڕێبەندان ئەدەنەوە بە گوێی گەلدا کە بەم جۆرەیە:
{**(نەیان دەهێشت لە هیچ جۆرە مەزایا و حقوقێکی بەشەرییەت بەشمان ببێ، ڕێگای فێربوونی عیلم سەنعەتیان لێبڕی بووینەوە، هەر ڕۆژە بە بەهانەیەک و هەر دەمێ بە تشقەڵەیەک دەستە دەستە و پۆل پۆل کوردی هەژار و بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد و دەیان کوشتن و بۆ بەندیان دەبردن، حاسڵ و دەسرەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆ خۆیان و ئەوانیشیان برسی و تینوو و ڕووت و قوت دەهێشتەوە. تا لە شەهریوەری ١٣٢٠دا فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی ڕەزاخانی تێکشکاند و کورد سەری لەو هەموو فشار و ئەزیەتە کەمێ فارغ بوو. فەوری ئێحساسی کرد چون دەبێ لەو فرسەتە ئیستفادە بکات.)**

کتێبی حکومەتی کوردستان، ل ١٠٦و١٠٧ نەوشیروان مستەفا ئەمین}.

پاشان وتارەکە لە لایەن کیژۆلاوانەوە دەنووسراوەیە، تۆپچییە ڕەواندزییەکانیش چوار قورنەی کوردستانیان بە وتارەکە تۆپ باران ئەکرد تا گەل هۆشیار ڕاگرن.

ئێستا چەن ساڵە سەرکردەکان کە دێنەوە مەیدانی چوارچرا جلی نایاب لە بەر ناکەن، پەڕی تاوس بەدی ناکەی، بۆنخۆشی ئەوان سەرخۆشت ناکات. ئێستا هەموویان تورەن! تووڕەیەکی وەها زریان لە بەر پێیاندا چۆک دائەدا!




Wiener Attentatsopfer Ghassemlou, Ghaderi

ئێستا خەمباران، بۆ ترۆر لە پشت ترۆری بەرێزان **قاسملوو و شەرەفکەندی** ئێستا لێو بەبزە نین، ئێستا لە ڕقا لێو ئەکرۆژن کە دوژمنان بۆ


دکتر شرفکندی (نشسته) به اتفاق همایون اردلان (راست) و فتاح عبدلی

مەرگی ئەوان ئەشک هەڵئەڕێژن، بەڵام ئەشکی فریوکاری! بۆ ئەوە تووڕەن کە لاپەڕەی پیرۆزی ڕۆژنامەی کوردستان کە ڕەنجی پێشمەرگەی شەهید و ڕەنجی گەلێکی ستەمدیدەیە بووە بە مەیدانی سوارچاکی ڕەزا پەهلەوی بێچووە جەلادی کوردی هەژار و بەم جۆرە ئەڵێ:

**{(ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ بەرپرسی کوشتنی هاونیشتمانانی ئێرانین. قازییە ئازاکانی ئاڵمانی ئەم ڕاستییە شەرم هێنەریان تەئید کرد کە ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ خۆیان بەرپرسی کوشتنی هاونیشتمانانی ئێرانین و لە سەر پێویستی سەرکوت کردنی خەڵکی ئێران هێچ ناکۆکییەک لە نێوان ڕێبەر و سەرۆک کۆمار و وەزیرەکانی ئەم ڕێژیمەدا بەدی ناکرێ.**

**بڕیاری دادگای ئاڵمان پەڵەیەکی شوورەیی دیکەیە کە داگیرکەرانی مافەکانی میللەت بە داوێنی ئابرو و ئیعتباری مێژوویی نیشتمانە لە مێژینەکەمانەوە لکاندوویانە. ئەمڕۆکە قوڵایی کارەساتەکە کە بەرۆکی ئێرانی گرتووە و گرنگی و گەورەی ڕیسالەتێک کە کەوتووەتە ئەستۆی هەموو ئێرانییەکان لە هەموو کاتێک ڕوونترە. پێویستە چوارچێوەی هاوکارییەکان لە گەڵ یەکتر بەرینتر بکرێ و ویست و پێویستییەکانی خەڵکی ئێران بخرێتە سەرووی ئامانجە تاکە کەسی و فیرقەیی و گروهییەکانەوە.)**

کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ٢٤٥ساڵی ١٩٩٧}.

به دوای چاپی وێنە و قسەکانی ڕەزا پەلەوی سێ پرسیار مێشکی کوردی داگیر کردووە.

١ ـ ئایا ڕەزا پەهلەوی دووچاری نەخۆشی فەرامۆشکاری بووە کە کارنامەی با و باپیری لە کوردستان فەرامۆش کردووە یان ڕابەرانی بەڕێزی حیزب گیرۆدەی هەمان نەخۆشی هاتون کە وێنەی بێچووە جەلادی سمکۆ و قازی و خەنجەرە ژەنگاوییەکەی ئەلجەزائیر لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ ئەکەن؟

٢ ـ دەسکەوتی چاپکردنی وێنە و فەرمایشەکانی ڕەزا پەهلەوی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چی بۆ شۆڕشی کوردستان تێدایە ؟!

٣ ـ کەی و چ کاتێک ڕابەرانی بەڕێزی حیزب دەستوور ئەدەن کە وێنە و بۆچوونەکانی فایزە خانمی ڕەفسەنجانی کچی سەرۆککۆماری



پێشووی ئێران وەک شاهیدێکی دیکە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ بکرێ، وەڵامی ئەو پرسیارە کە لای ڕابەری ئایندەی حیزبە بۆ فایزە خانم زۆر پێویست و گرنگە!

وەک ئەزانین ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بە دژی شا بە دروشمی (استقلال، آزادی ، جمهوری اسلامی) لە ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێکرد، کاتێک شای ئێران بۆی دەرکەوت کە هەوارەکەی کێچی هەڵهێناوە و بۆ ئەوە نابێت دڵی پێخۆشکات. شەوێک بە نهێنی چەن کەس لە دەست و پێوەندەکانی خۆی بردە شاری ڕەی لە نزیک تاران کە گۆڕەکەی ڕەزاشای لێبوو. گۆڕەکەیان دایەوە مەیتەکەی بابی کە لە مۆم گیرا بوو لە گۆڕ دەرهێنا. پاشان لەگەڵ (جهانسادات) ژنی (ئەنوەر سادات)ی میسر بەرنامەیەکیان داڕشت بەناوی ئەوەی کە ژنی شا بۆ میسر میوانی کراوە، ژنی شا لەو سەفەرەدا مەیتەکەی ڕەزاشای لەگەڵ خۆدا برد بۆ میسر و لە مزگەوتی (الرەفاعی) قاهیرە ناشتیان، کە پاشتر خودی شای لێنژرا. ئەوە نیشانەی وەفاداری شا بوو بۆ باوکی .

پەندێکی کوردی ئەڵێت : گیاه لەسەر پنچی خۆی ئەروێتەوە!

ڕاستی ئێمەیش ئەتوانین بڵێن لەسەر ریشەی خۆمانین و وەفادارین بە ڕێگەی ئەوان؟

بەم کارنامە ڕەنگینەوە زۆر گرانە بڵێن لەسەر بنچی خۆمان هەڵمان داوەتەوە و وەفادارین بە ڕێگەی باوباپیرانمان !

***

وینە ڕەنگییەکەی لاپەڕە (١٤ ) لە دیکۆمینتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان،
وێنە ڕەش و سپییەکەیش لە هەفتەنامەی (کەیهان لەندەن)ی ژمارە( ٦١١ )وەرگیراهوە.

**ئەو چەن بابەتەی سەرەوە لە (TV Azad) کە بەرنامەکانی بە کوردی لە کاناڵی تەلەڤیزیۆنی (Öppna kanalen) لە ستۆکهۆڵم پەخش ئەکردەوە، پەخش کرانەتەوە.**

## بۆ ڕۆژێکی خۆشەویست بۆ ڕۆژی باوک



وێنە لە کارە هۆنەرییەکانی (مزەفەر نامداری)

دوایین {یەکشەمەی مانگی مای (may) لە سوید وەک ڕۆژی دایک} و دووهەم {یەکشەمەی مانگی نوامبر (November) وەک ڕۆژی باوک} دیاریکراوە.

لەو ڕۆژانەدا ڕێز لە باوک و دایک ئەگیرێت و هەر کەس بە شێوەیەک هەستی خۆی بەرانبەریان دەر ئەبڕێت. ئەوەی ڕاستی بێ تا ساڵی ١٩٩٢ و هاتنم بۆ سوید نەمئەزانی ئەو ڕۆژانە هەیە، ئاخر ئەو دەم کە لە سەقز بووم هەم لە مەدرەسە و هەم لە ماسمێدیا ڕێز لەم ڕۆژانە ئەگیرا. ڕۆژی (٤ی ئابان ڕۆژی لە دایکبوونی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی) و ڕۆژی (٩ی ئابان ڕۆژ لە دایکبوونی ڕەزا پەهلەوی کوڕی محەمەد ڕەزا پەلەوی)، جگە لەو ڕۆژانە ڕێزگرتن لە ڕۆژی {(٢١ی ئازەر، ڕۆژی "ئازادکردنی ئازەربایجان") ئەگەر لە ڕووی ڕاستییەوە لەو ڕۆژە بکۆڵێنەوە ڕۆژی داگیرکردنەوە ئازەربایجان بوو بە دەست دەوڵەتی ئێران}، هەروەها ڕۆژی {(٢٨ی مرداد، ڕۆژی تێکشکانی دەسەڵاتی دوکتۆر محەمەد موسەدیق وەک سەرۆکوەزیر کە ئەیوست دەسەڵاتی شا لەناو ببات)، ئەگەر لەم ڕۆژەیش بکۆڵێنەوە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی (دوکتۆر محەمەد موسەدیقی) و (محەمەد ڕەزا پەهەلەوی)}ئەوندە بووە کە موسەدیق خۆی بە ئۆپزیسیۆنی شا دەزانی و بەس!

با بڕۆینە سەر باسەکەی خۆمان واتە باسی ئەو دوو ڕۆژە، هەر لەم چەن ساڵەی کە لە سویدم ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە هەم لە کۆمەڵگا و



هەم لە ماسمێدیادا بایەخێکی زیاتر بە ڕۆژی دایک ئەدرێ تا ڕۆژی باوک. هۆی ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ دەورانی منالی مرۆڤ کە منال ماوەی ٩ لە سکی دایک دایە و پاشانیش بۆ ماوەی چەن ساڵێک زیاتر لە ئامێزی دایک دایە تا باوک، ئەم پرۆسە ئەبێتە بنەمای ئەو هەستە خۆشەویستی مەزنە لە دڵی مرۆڤدا جا چ منالێکی چەن ساڵە بێت یا ژن و پیاوێکی پیر.

مرۆڤ لە هەر تەمەنێک و لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت، چ لە پەنای باوک و دایکدا بێت یا خۆ بە هەزاران کیلۆمتر لێیانەوە دوور بێت ناتوانێت بەبێ هەستی خۆشتی ئەوان بژی. ئەگەر بڵێم هەستی خۆشەویستی بۆ باوک و دایک لە نێوان مرۆڤدا بە یەک ئەندازە نییە، تاوانم نەکردووە. ئەگەر بڵێم لەو بنەماڵە و خانەوادە کە سێبەری دەسکورتی و نەداری زیاترە، هەستی خۆشەویستی لە نێوان باوک و دایک منالدا بەهێزتر و گەرمترە، تاوانم نەکردووە.

لێرە باسکردنی بیرەوەرییەکی ناخۆش و خۆش، ناخۆش نییە:

خۆم لە بنەماڵەیکی دەسکوری سەقزم و باوکم لە پێشدا زیندروو (سەڕاج) بوو، پاشان دەسکرد بە گەوشدروویی، باش لە یادمە لە تەمەنی منالدا بووم، **زۆرجار کە باوکم لە دووکان ئەهاتەوە بە ماتییەوە هەناسەیەکی هەڵئەکێشا و ئەیوت بە دایکم ئەمرۆ <u>سفتاحم نەکردووە</u>، دایکشم بە پێکەنینەوە ئەیوت: سەری بێ ڕۆزی وا لە ژێر زەوی** ! بەو جۆرە لە باری دەروونییەوە یارمەتی ئەکرد.

**سفتاحم نەکردووە، واتە هیچم نەفرۆشتووە، کەس ڕووی نەکردوەتە دووکانەکەم .

## مەرگێک لە بێدەنگی دا مەیتێک لە بێکەسی دا



چەن ساڵ پێش، لە کتێبخانەی ئاکالا **Akalla** لە ستۆکهۆڵم خەریکی خوێندنەوەی کتێبک بووم، لەو کاتەدا کەسێک هاتە پێشەوە و بە سویدی کوتی: لەم گەڕەکە کەسێکی کورد ناناسی؟ وتم، فەرموو من خۆم کوردم.

کوتی: ئەو کەسە کە لەسەر ئەو چوار چەرخە دانیشتە، ناوی (**سدیق**)ە و شۆرەتی(**سوڵتانی**)یە، خەڵکی (**سنە**)یە. مینش، رووم تێکردو وتم: چوونی کاک سدیق، باشی، کارێکت هەیە؟ هاوکات دەستم بۆ لای درێژ کرد کە دەستی لەگەڵا لێدەمەوە، بە ئیشارەی ئەوکەسە، **بۆم دەرکەوت کە چاوی نابینێت**، پاشان کوتی: **هەر دوو پا و دەستێکم کار ناکات و چاویشم هیچ نابێنت، دایک و خوشک و چەن کەس لە خزمەکانم وان لە سوید، وان لە دەوروبەری یۆتۆبۆری، ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنەکانیان نازانم.**

پێکەوە لە کتێبخانەکە هاتینە دەر، وتی: من پێشمەرگەی کۆمەڵە بووم، ناوی چەن کەسی برد، وتم من ئەوانە ئەناسم، ئایا ئەو کەسانە دایک و خۆشک و خزمەکانی تۆ ئەناسن، وتی بەڵێ، هەمووومان خەڵکی محەلەیەکین، یەکتری باش ئەناسین، حەتا (**عەتا بەرازندە و فەریبورز فەخاریان**) چەن جار لە بیمارستان سەریانداوم.

پاشان ژمارە تەلەفۆنەکەیم وەرگرت، وتم من پرسیارت بۆ ئەکەم و بە تەلەفۆن ئاگادارت ئەکەمەوە. بۆ شەوێ لەماڵەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ چەن کەسێک بۆ پەیا کردنی ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنی دایک و خوشک و... قسەم کرد. ئەو کەسانە وتیان کەسی لە سوید نییە.



بۆم دەرکەوت نەک هەر دەست و پێ و چاوی لە کار کەوتوون، بەڵکو فکریشی زیانی بینیووە.

ماڵەکەی کاک سدیق لە گەرەگی هوسبی **Husby** بوو. بە هۆی ئەوەی باری تەندروستی بەو جۆرە بوو، دەوڵەتی سوید چەن کەسی وەک کرێکار بۆ گرتبوو کە <u>خزمەتی</u> بکەن. هەر رۆژێک خۆرەتاو ببوایەت، ئەو کرێکارانە ئەیانهێنا دەرەوە، هەم بۆ ئەوەی تاو لێی بدا، هەم بۆ ئەوەی تۆزێ لە بێتاقەتی و شەکەتیی ناهەموارەی ژیانی کەم بێتەوە.

زۆر جار ئەهاتمە سەر ئەوە بڕۆم لە ماڵەوە سەردانی بکەم، بەڵام خێرا پەشیمان ئەبوومەوە، ئاخر کەسێک چاوی نەبێ، دەست و پێی نەبێ، بیر و هۆش نەبێ، کەس نەناسێ، سەردان چ سوودێکی هەیە جگە لە زەحمەت و دەردیسەری بۆ ئەو چەن کەسە خزمەتی ئەکەن؟

بەڵام کاتێک ئەیانهێنا دەروە، هەر ئەوندەی کاتم ببوایەت ئەڕۆیشتم لە لایەوە دائەنیشم، دەستمان ئەکرد بە قسە کردن، هەر بەو تاکە دەستە کە بووی سیگارەکەی ئانا بە لێوییەوە، فەنەکە گازییەکی هەڵئەکرد، بۆ ئەوەی نەکوژێتەوە ئەبوو کەسێک دەست بە دەوری سیگار و فەندەکەوە بگرێ تا داکرسێت.

پاشان لەگەڵ مژدان لە سیگار هەمان چەن وشەی دووبارە ئەکردەوە، دایک و خۆشک و خزمەکانم وان لە سوید و لە دەوروبەری یۆتۆبوری ئەدرسیان نازانم. جاروباریش ئەیوت لە ئیسرائیل نۆبەیان بۆ داناوم و چاوی کەسێکیشیان بۆ راگرتووم، تا چاوم عەمەڵ بکەن.

لەم مانگەدا، واتە مانگی ئاپریل تا ڕادەیەک هەوای ستۆکهۆڵم خۆش بوو، چەن جارێک چاوم گێرا بەو شوێنانەدا کە جاران کاک (سدیق)م دەبینی، بەڵام هەر نەبوو. کاتژمێر ١٢ی رۆژی ٢٢ی ئاپریل، یەکێ لەو کرێکارانە بەناوی کاک (**گۆران شێرکۆ**) کە خزمەتی ئەکرد، بینی،

وتم: کاک سدیق نابینم، وەزعی چۆنە؟ تۆزێک بێدەنگ بوو، پاشان بە خەمباری و بە دەنگێکەوە کە بۆنی گریانی ئەدا، کوتی: ئەمرۆ، لە بیمارستان دواین چرکەی ژیان و لێدانی دڵی کۆتایی هات.

ئەو هەواڵە هەم ناخۆش و هەم خۆش! هەواڵی مردنی هیچ کەسێک خۆش نییە! ژیانیش بەو جۆرە هەر خۆش نییە! لەو کاتەدا یەکێکی دیکە لە کرێکارەکان پەیدا بوو، کاک گۆران باسەکەی بۆ ئەویش بەیان کرد، هەر چەن باسەکە لە گۆڵان و سەرپێیانە باسکرا، بەڵام خەمەکەی لە خەمێک کە بە کۆڕی پرسە و سەرخوشییەوە کۆتایی پێدێ، کاریگرتر بوو!

**کە مردم، مەمنێژن، لاشەکەم فڕ بەن با سەگ بیخوا!**

لەو کاتەدا باسی ناشتنی هاتە پێشەوە، ئایا لێرە بینژن یا ڕەوانەی کەنەوە بۆ سنە. کاک گۆران وتی: من، چەندین جار ئەم قسەم لە سدیق بیستووە، ئەیوت: **کە مردم مەمنێژن، لاشەکەم فڕ بەن با سەگ بیخوا!** بۆ ڕۆژی ناشتنی داوام لە کاک گۆران کرد ئاگادارم کاتەوە، تا بە چەن کەس لە دۆست و ئاشنایانی بلێین. ئەوە ژیان و بەسەرهاتی ئەو کەسە بوو. ئەو ئیمکاناتە مرۆڤدۆستانەی سوید بۆ خزمەتکردنی پیر و نەخۆشەکان بەڕاستی جێگەی ستایشکردنە!

تێبینی: کاک گۆران وتی: من تەنیا کەسێکم کە لەگەڵ دوکتۆرەکەی پێوەندیم هەیە و هەواڵی مردنەکەیم بە خوشکێکی لە سنە داوە، خوشکەکەیشی هەواڵەکەی بۆ دایکی باس نەکردووە، چونکە چەن کەسی دیکەیان لەو ماوەدا مردوون و دایکی بەو هەواڵەش بزانێ باش نییە، جا تکایە تۆی خوێنەر بزانە ئەو هەواڵە چۆن باس ئەکەی!

٢٠٠٩/٤/٢٣



**مەیتێک لە بێکەسی دا**

بە تەنیا، بەلای مەیتی بێکەسی خۆمەوە دانیشتبووم
بیرم لەوە ئەکردەوە چی لێبکەم.... –
بینێژم، یا بیبەمەوە؟
کە بینێژم
لە پەنای کێدا بینێژم؟
بیبەمەوە
بۆ کوێی بەرمەوە؟

لەو کاتەدا مەیت هاتە زمان و کوتی:
کە جهان جامێکی پڕ خەم بێ
دەبێ خەمی چیت بێ
بمنێژی، یا نەمنێژی؟

لێرە، لەم شوێنە بمسووتێنە
خۆڵەمێشەکەم بە دەریادا بپژێنە
دەریا سەرچاوەیە بۆ بەفر و باران
بەفر و باران ماتڕیاڵە بۆ گوڵ و نانی هەژاران
گولوە بەفر و دەنکە تەرزە و ڕهێڵە باران
ئەبنە میوان لە گشت جهان
منیش لەگەڵیانا ئەرۆمەوە
بۆ شارەکەی خۆمان!

# وەرە بۆ پرسەی <u>من</u> و سەرخۆشییەکیش

# لە <u>خۆت</u> بکە!

بەسپاسەوە سدیق سوڵتانی
خەڵکی سنە و ستۆکهۆڵم

**کات شەممە : ٢ / ٥ / ٢٠٠٩**
**کاتژمێر ١٤ تا ١٨**

**شوێن ستۆکهۆڵم :**

**Akalla** ئاکالا
**Sibeliusgången 12**
**ڕووبەڕووی کلیسای ئاکالا**
**تەلەفۆن ٠٨ ـ ٧٥ ١٩ ١٠٥**
**٠٨ ـ ٧٩ ٣٩ ٤٤٧**



سپاس
هاتنت مایەی هێز و هەتوانە

سدیق



## Presentation till sången (Det goda brödet)

**وەرگێرانی پێناسەیەک بۆ گۆرانی نانێکی بەلەزەت**



هەبوو، نەبووە. جارێکیان پیاوێک لە وەڵاتێک ئەژیا، کە نەبوو.
نا، نا، وانییە!
ئەوە دەسەڵاتدارەکان بوون دەنانکوت ئەو وڵاتە نییە و دەشیانکوت ئەو پیاوە چەندە نەزان و کەلەرەق و فرەوێژە، هەر ئەڵێت: با، با، هەیە! هەروەها نەیاندەهێشت پیاوەکە بەزمانی وڵاتەکەی خۆیان بدوێت و (پێیان دەکوت ئەگەر دەتەوێ لێرە بژیت و بمێنیتەوە، دەبێ بەزمانەکەی ئێمە بدوێی و نیشتمانە دڵرفێنە خەیاڵییەکەی خۆت فەرامۆش بکەی. ئەگەر بێ قسەیی ئێمە بکەی، ئێمەیش لێت دەدەین و تۆڵەت لێدەکەینەوە). زوڵم و زۆری زۆردارەکان ژیانی لە پیاوەکە تاڵ کردبوو، ئەویش بیری لەوە کردەوە تا جێگایەکی ئارام بدۆزێتەوە کە تێیدا بژی، پاشان بە دڵتەنگی و خەمبارییەوە نیشتمانە جوانەکەی بەجێ هێشت و ڕووی کردە وڵاتێکی دیکە. ڕۆژێکیان لەناکاو چاوی بە نەخشەی وڵاتە تازەکە کەوت، نەخشەکە بەجۆرێک دەینواند لە نانێکی لای خۆیان دەچوو، لەو کاتەدا چاوی بڕییە دوور، دوورێکی دوور، دوورێکی بێسنوور و بەتاسەیەکی بێوێنەو خەیاڵێکی بەرفراوانەوە فڕی و فڕی تا گەیشتە ئەو جێگەی نانەکەیان لێدروست دەکرد، پاشان پڕ بەدڵ بۆنی ئەو نانە خۆشەی هەڵمژی و تێرتێریشی لێخوارد .

نووسینی بە سویدی: ئیدیت هاگلوند

سەمای سەوز ..... 2
گەڕانەوەی قەقنەسەکان ..... 4
لە پەنای دایک دا ..... 9
بۆ رۆژی باوک ..... 17
مەرگێک لە بێدەنگی دا مەیتێک لە بێکەسی دا ..... 19
مەیتێک لە بێکەسی دا ..... 22
وەر بۆ پرسەی من و ..... 23
نەخۆشی فەرامۆشکاری، لە یادی ١٠ی خاکە لێوە ..... 12
رۆژی لە سێدارەدانی سەروککۆماری کوردستان نەمر قازی محەممەد ..... 12
Presentation till sången (Det goda brödet) ..... 24
وەرگێرانی پێناسەیەک بۆ گۆرانی نانێکی بەلەزەت ..... 24